# بۆ شەهید ئارام

دەڕۆیشتی و , توێشووی ڕێگات
چەک و پێنووس , کاغەزە شڕەو
نانی ڕەق بوون .

دەڕۆیشتی و , کەشکۆڵی کۆڵت ...
پەیامی ڕەنجدەران بوو ,
بۆ دوا مەنزڵ بەڕێت دەکرد .

دەڕۆیشتی و قەندیل ئاسا...
سەری بەرزت
لە تاقی ئاسمان گیر دەکرد ,
هەنگاوەکانت , بست بە بست
باڵای قەراغیان پەی دەکرد.

دەڕۆیشتی و .........
تیاترۆ بازی کۆشکە گەورەی شاری بەغدا
شێرە بەفرینەی چاوت بوون .

دەڕۆیشتی و .......
پیاوە بەزیوە پوکەکان
سەری خۆیان لە بنی پێتا دەبینی
پووچ بونەوەی فیک و فاکی ئەمجارەیان
لەنێو چاوانتا دەبینی .

بۆیە بەسەری شۆڕەوە ...
جامانەیان لە ژێر پێناو ,
دەرپێ ی ژنەکانیان لەسەر نا
دەستی سووری خوێناوییان
بەخوێنی تۆ
پان کردەوە لەکۆشکی شا .

ئامانج
هەولێر
31-1- 1988